# هەموو هەڕەشەوفتواكان لەدژی مەریوان هەڵەبجەیی ئیدانە دەكەین!

بەدوای بڵاوبونەوەی كتێبی(سیكس، شەرع و ژن لە ئیسلام)دا كە لەنوسینی مەریوان هەڵەبجەیی یە، دەستەو تاقمە ئیسلامیەكانی كوردستان چ لەڕێگای كەناڵەكانی ڕاگەیاندن و چ لەڕێگای مەلاكانی سەربەخۆیان، ئەم كارەی مەریوان هەڵەبجەییان بەدژی پێوانەكانی ئیسلام ولەكەداركردنی پیرۆزی ئایینی!! لەقەڵەمدا، هەر لەم سۆنگەیەشەوە كەوتنە هەڕەشەو فتودان لەدژی نووسەری ناوبراو.
ئەم فتواو هەڕەشانە لەكاتێكدایە كە ئەم كتێبەی مەریوان هەڵەبجەیی پێش چەند مانگ بڵاوكراوەتەوەو لە پێشوازیەكی گەرمی خەڵكی كوردستان بەهرەمەند بووە، وەهاوكاتە لەگەڵ هەراسانی سەرجەم ڕەوتە ئیسلامیەكان لە پەیوەند بەو وێنە كاریكاتێریانەی بڵاوكراوەیەكی دانیماركی لەسەر پەیامبەری ئیسلام" محەمەد" بڵاویكردۆتەوە.
ئیسلامیەكانی كوردستان كە هیچ پایەو بنەمایەكی زەمینیان لەكوردستاندا نیەو لەئاكامی خۆشخزمەتی بە وڵاتانی وەكو ئێران و سعودیە و بە پشتیوانی مادی ومەعنەوی ئەوان و بەدەست لە پشتدانیان لە لایەن دەسەڵاتی كوردیەوە توانیویانە لە كوردستاندا ئامادەیی پەیدابكەن.
لەوكاتەشەوە كە ئەمانە بواری هەڵسوڕانیان پێدراوە، درێغیان لە هیچ كردەوەو ڕەفتارێكی ناشیرین دەرحەق بەخەڵكی كوردستان نەكردووە، لە فتوا بەخشینەوە تادەگاتە هەرەشەو تیرۆری ئازادیخوازان و نوسەران، لە تەقاندنەوەی سینەماكان و كتێبخانەكان تا سوتاندنی ساڵونەكانی ژنان، لەهوهاكێشان لەژنانەوە تاپژاندنی تێزاب پێیاندا، لە سەرپۆش سەپاندن بەسەر مناڵاندا تادەگاتە شێواندنی جەستەی جوانی سروشتی سەیرانگاكان، لە كردنی مزگەوتەكانەوە بە قوتابخانەی حزبی وپەروەرەدەی نامرۆیی تا دەگات بەوێرانكردنی شوێنەكانی مەیفرۆشی و هەڕەشەكردن لەفرۆشیارانی،.....تاد. ئەمانە هەمووكاروكردەوەی ئەم ڕەوت و لایەنە سیاسیە ئیسلامیانەی كوردستان بووە، ئەمە جگە لەوەی چەندین ناوچەیان كردۆتە پشتی بەرەی شەرلەخزمەتی كۆماری ئیسلامی ئێران، و داڵدەدانی تیرۆرستانیان.
ئەمرۆش لەهەلومەرجێكی دیاریكراوی تردا، بۆ قەرەبوكردنەوەی ڕەوتی ڕوولەنشێویان لەناوكۆمەڵگای كوردستاندا، و لەپاڵ ڕەوتەكانی سەر بە خێزانی خۆیان لەدنیای عەرەب و شوێنەكانی تری دنیاوە، دەیانەوێ لەڕێگای بەخشینەوەی فتواو هەڕەشە لە مەریوان هەڵەبجەیەوە، هێرشێكی هیستریكی بكەنە سەر ڕەوتی پێشكەوتنتخوازی كوردستان و بەربگرن بە هەر لێكوڵینەوەو توێژینەوەیەك كە نوسەران و قەڵەمبەدەستانی پێشكەوتنخواز ئەنجامی بدەن. دەیانەوێ هەر ڕوانگەو بۆچونێك سەرچاوەی باوەرو بۆچونە وشك هەڵاتوەكانی ئەوان بخاتە بەردەم ڕەخنەو لێكوڵینەوە بەفتواو هەڕەشە وەڵام بدەنەوەو بەربگرن بەدەنگی ئازادو كڵوم بدەن لە ئازادی سیاسی و بیروڕاو چاپەمەنی و بەیان وبڵاوكردنەوە.
ئێمە لە كەمپەینی ئازادی بۆدكتۆر كەمال سەید قادرەوە، لەكاتێكدا بەتوندی ئیدانەی هەڕەشەو فتواكانی ئیسلامیەكان دەكەین بەدژی مەریوان هەڵەبجەیی و بەڕەفتارێكی دزێوی دەزانین بەرامبەر بە تەواوی خەڵكی كوردستان و لە پێشیشیانەوە بەرامبەر بەنووسەران و ئازادیخوازان، لەهەمانكاتدا ئەوە بەبیر ڕای گشتی دەهێنینەوە كە دەسەڵاتی سیاسی لەكوردستان بەرپرسە لە سنورردادان بۆ ئەم رەوت و تاقمە ئیسلامیانە و دەست كورتكردنەوەیان لەسەر ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی كۆمەڵگای كوردستان و پاراستنی ژیانی مەریوان هەڵەبجەیی و تەواوی نوسەران و ئازادیخوازان.
هەر لێرەشەوە ڕایدەگەیەنین نەك هەر پشتیوانی لەو دەنگە ڕەسایانەدەكەین كە بۆ بەرگری لە مەریوان هەڵەبجەیی بەرزبونەتەوە، بەڵكە بانگەوازی هەموو بەرەی پێشكەوتنخواز وئینساندۆست دەكەین لەناوەوەوی دەرەوەی وڵات كە لەبەرامبەر بە هەڕەشەو فتوای ڕەوتە ئیسلامیەكانی كوردستاندا بوەستنەوەو ڕێگە بگرن لەوەی هیچ كەس و لایەنێك لەسەر ئازادی سیاسی و بیروباوەرو بەیان و چاپەمەنی بكەوێتە بەردەم هەڕەشەو فتواو....
ئێمە لە تێكۆشانێكی ئاوادا لە ڕیزی پێشەوە دەبین و دەمێنینەوە.

**كەمپەینی ئازادی بۆ د.كەمال**

**كۆمیتەی سەرپەرشتیكار**

**2006-2-7**